Kurdistan Journalists Syndicate
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
نقابة صحفيي كوردستان
ئە نجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان

# بەیاننامەی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان

# لە ( 119 ) سالیادی رۆژنامەگەری کوردیدا

رۆژنامەنوسانی ئازیز

سالێکی تر تێپەڕ دەبێت، بەسەر دەرچونی یەکەمین رۆژنامەی (کوردستان) لەسەر دەستی میقداد مەدحەت بەدرخان کە پێشەنگی رۆژنامەگەری کوردی، داینەمۆ و ئەفرێنەری پێشەنگی بزوتنەوەی رۆشنگەری رۆژنامەوانی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو، ئێستاش کە (119) سالّ بەسەر ئەو یادە پیرۆزەدا تێپەڕدەبێت. کاروانی رۆژنامەگەری خۆی بە قەرزداربارى ئەو مێژووە و ئەو پێشەنگەی رۆژنامەگەری دەزانێت، هەموو داهێنان و بەرەوپێشچونێکیش هەر درێژەی ئەو رەوت و مێژووییە.

بێگومان رەوتی رۆژنامەگەری لە کوردستاندا لە سێ دەیەی رابردودا. هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ داکۆکی لە خواستەکانی گەلی کوردستان و بەدیهێنانی ئازادی و بەرقەرابوونی دیموکراسی، گەشە و پێشکەوتنی رۆژنامەگەری و فەزای ئازاد و کراوە و پێشکەوتن لە بواری چەندایەتی و چۆنایەتی.

بەلاّم هاوکات لەگەلّ ئەم دەستکەوت و پێشکەوتنانە، دەبێت دان بەوەدا بنێن. هێشتا لەمپەر و ئاستەنگ هەن و ماون لەبەردەم کاری میدیایی، راگەیاندن و رۆژنامەوانی لە کوردستاندا.

هێشتا یاسای کاری رۆژنامەنوسی، یاسای ژمارە (35)ی سالّی (2007) وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە بۆ رێزگرتن لە رۆژنامەنوسان و مافەکانیان کە حکومەتی هەرێم، دامودەزگا ئەمنی و دادوەرییەکان کەمتەرخەمی سەرەکین.

هێشتا یاسای ژمارە (11)ی سالّی 2013 (یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان) بە باشی نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. زانیاری دروست و پێویست نەخراوەتە بەردەست کەنالّەکانی میدیا و رۆژنامەنوسان.

هێشتا تیرۆری ڕۆژنامەنوسان. وەکو مەترسییەکی گەورە بۆسەر کار و گیانی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بەردەوامە و خەریکە لە حاڵەتەوە دەبێتە دیاردە. ساڵانە یەکێك لە هاوپیشەکانمان دیارنامێنێت و تیرۆر دەکرێت. هێشتا چارەنوس و دۆسیەی ڕۆژنامەنوسانی شەهید (عبدولستار تاهیر شەریف، سۆران مامە حەمە، سەردەشت عوسمان، کاوە گەرمیانی) دیار نییە. کەچی دوای ئەوانە لە شاری دهۆك ڕۆژنامەنوس (ویداد حوسێن) لە دۆخێکی تەمومژاویدا تیرۆرکراو چارەنوسی بکوژانی نادیارە.

هێشتا ئاماری پێشێلکارییەکان مایەی نیگەرانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان و تەنانەت IFJاە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانە. هێشتا لێدان و سوکایەتی و ڕێگری بەرامبەر کەناڵەکان و ڕۆژنامەنوسان بەردەوامن و ئامارەکان پێماندەڵێن: لە (2008/1/1 تا 2016/12/30) نزیکەی (520) پێشێلکاری بەرامبەر زیاتر لە (1000) ڕۆژنامەنوس لە کەناڵە جیاجیاکان ئەنجامدراوە. بەبێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێکی پەیوەندیدار سزا درابێت، ئەمەش مایەی نیگەرانی و نائومێدیە.

**ڕۆژنامەنوسانی خۆشەویست:**

ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان لەم یادە پیرۆز و گەورەیەدا. جەخت دەکاتەوە لەسەر پاراستنی ماف بێ ئەملاولای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان. فەرامۆشکردنی زۆرترین ئازادی بۆ هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە گشت شاروشارۆچکەکانی کوردستان، دور لە هەر ململانێکی سیاسیی، حزبی، ئایدۆلۆژی، چونکە هەڵگری ئەو فۆرم و شێوازی جیاکاریەی جاروبار لە شارێك یان لە کاتی ڕودانی حاڵەتێکی وەکو ڕوماڵی شەڕی داعش ڕوویداوە. کۆتایی پێبێت. کە سادەترین مافی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسانە.

سەرەڕای ئەوەی دەبێت سوپاسی ڕۆژنامەنوسان بکرێت لە شەڕی گروپی تیرۆریستی داعش، ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە لە پاڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا، کە پارێزەری سەرەکی مافەکانی خەڵکە.

**کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسانی ئازیز:**

سەرەڕای ئەو کەم و کوڕی و ڕێگریانە، بەڵام دیسان پارێزگاری لە کوردستان، ئارامی، ئاسودەیی، دیموکراسی و خواستەکانی خەڵك و هەماهەنگی لەنێوان کەناڵەکان و دامودەزگا پەیوەندیدارەکان و شەڕی تیرۆریزم و گروپە رادیکاڵە مەترسیدارەن، گوتارێکی نیشتمانی، نەتەوەیی ئازادیخوازانە و هەنگاونان بۆ پێداگری لە مافەکانی ڕۆژنەمانوسان لە هەر چوار پارچەی کوردستان، گوتارێکی نەتەوەیی و ئینتەرناسیۆناڵ و فراوانترکردنی فەزای ئازادی و دیموکراسی ڕەخنەگرتن لەو هێزو لایەنانەی کە دەیانەوێت ماف ڕۆژنامەنوسان زەوت بکەن و پێشێلکاری دژی ڕۆژنامەنوسان ئەنجامبدەن. ئەرکی سەرەکی ئێوە، ئێمە و هەموو لایەنەکانە.

کـە لـە خزمــەتی پرۆســەی ئـازادی و دیموکراســی و هــەرێمی کوردســتاندا لــەپاڵ ئــەو هــەموو ئــەرك و بەرپرسیارێتەدا. دەبێت رەخنـە لـە هەنـدێك رومـاڵ، گوتـار و كـاری هەنـدێك رۆژنامـەنوس بگرێـت كـە وەكـو پێویست یاساکانی کاری رۆژنامەنوسی و ئیتك و پیشەی رۆژنامەنوسیان جێبەجێ نەکردوە، بەو هیوایـەی لـە داهاتودا ئەم گرفتانە چارەسەر بن.

**رۆژنامەنوسانی بەرێز**

لە (119) ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیدا، ئەنجومەنی سەندیکا بۆ رێزگرتن لە قوربانیانی شـاری شـەهیدان (هەڵەبجە) لقی– هەڵەبجـەی سـەندیکای رۆژنامەنوسـان وەكـو دیاریـەكی بـەها بـۆ رۆژنامەنوسـانی كـردەوە، ئەرکی هەموومانە خزمەتی زۆری ئەم شارە بکرێت. بە کردنەوەی ئەم لقە، مـەوداکانی ئـازادی لـە کوردسـتان فراوانتر ئەبێ و دەستکەوتێکی گەورەشە، بۆ رۆژنامەنوسان و سەندیکا و هەموومان شانازی پێوە دەکەین.

لە کۆتاییشدا، دەبێت ئەم سـاڵیادە بکەینـە بۆنەیـەکی پـیرۆز بـۆ کـاراکردنی سـەندیکای رۆژنامەنوسـان و خولقاندنی فەزای ئازاد و کۆکردنەوەی هەموو رۆژنامەنوسان لە دەوری سـەندیکا، بەوانەشـەوە كـە رەخنـە و گلــەییان لــە ســەندیکا و شــێوازی ئێســتای بەرێوەچــونی هەیــە. بێگومــان بــۆ ئــەکتیڤکردنی ســەندیکای رۆژنامەنوسان و رێزگرتن لە کاروپیشەی رۆژنامەنوسان و بەرەسمی ناسینی کاری رۆژنامەنوسی وەکو پیشە و کۆتایهاتن بە پێشـێلکاری و جەختکردنـەوە لەسـەر سـزادانی تاوانبـاران، بکـوژانی شـەهیدانی رۆژنامـەنوس و قەڵەم. بۆ سەرلەنوێ ئاشتبونەوەی هەموو رۆژنامەنوسان و رۆڵی گەورەو کاریگەری سەندیکا لە ئێستادا.

باشترین ئەڵتەرناتیڤ، بەستنی کۆنگرەیەکی تازە، نوێ و سەرکەوتوە، بە بەشداری هەموو میـدیا، کـەناڵ و رۆژنامەنوسانی بێ لایەن، لایەنە سیاسی و جۆراوجۆرەکـانی کوردسـتان و داڕشـتنی بەرنامەیـەکی نـوێ بـۆ سەندیکا لە کۆنگرەیەکی دیمۆکراسی و نمونەییدا.

هیوادارین لـەم سـاڵەدا کـۆنگرەی سـەندیکا ببەسـترێت و چارەسـەری زۆربـەی گرفتـەکانی رۆژنامەنوسـان بکرێت.

بەرزو پیرۆزبێت (119)هەمین ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردی.

**ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان**

**22 نیسانی 2017**